
# تاوانبارانی جەنگ و ئەنفال

**کاوەئەمین**




ئەوەی ئیمرۆ دەیبینین، خەو نییە و ڕاستییە. ئەوانەی کە سەدان هەزار کوردیان ئەنفال کرد، قوماریان لەسەر خوێنی خەڵک دەکرد، ئێستا خۆیان بونەتە کارتی قومار و دۆڕاوترین قومارچی دنیانن، چونکە نەک هەر سەروەت و سامانیان کە خوێنی خەڵکی کوردستان و عێراقە، بەڵکو سەریشیان تیا دۆڕاندوە.

پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی، کە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا دەیان ساڵە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، نمونەی دڕندەترین دەسەڵاتی ئەم سەردەمەن. سوریا کە بەشێکی کوردستانی داگیرکردووە و سەدان هەزار کوردی لە مافە سەرتایەکانی مرۆڤ بێ بەری کردووە، لە عێراق باشتر نییە، هەربۆەیە پێ دەچێت بەشێک لەو تاونبارانەی حیزبی بەعسی عێراقی لەو وڵاتە مۆڵەتی خۆشاردنەوەیان پێ درابێت.

دیکاتۆرەکان کە بە بەژن و باڵای یەکتریدا هەڵدەدەن، یەک چارەنووسیان هەیە ئەویش چارەنووسی سەددام و هاورێکانیەتی. بەو هیوایەی کە ڕژێمی بەعسی سوریش درەنگ یان زوو بەدەردی عێراق بچێت و قامیشلۆ و حەسەکە و شارەکانی تری ئەو بەشەی کوردستان تەقلی گۆڤەندی کەرکوک و موسڵ ببن.

حیزبی بەعس کلتورێکی خراپ لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێت، ئەوان کە سی و چوار ساڵە بەرتیل خواردن و دزی و تاڵانی و کوشت و کوشتار فێری خەڵکی خۆیان دەکەن، ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە چۆن ئەو وڵاتە تاڵان دەکرێت، تەنانەت مۆزەخانەکانیش کە پڕبایەخترین سەروەتی مێژوویی جیهانیان لە خۆ گرتووە، لە دەست فەرهود کەرانی بەغدایی ڕزگاریان نەبوو و هەموو ئەو دەستنووسە کۆن و پڕبایەخانەی کە موڵکی سەرجەم مرۆڤایەتین بە تاڵان بردران، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ئەمریکایەکان تا ئێستا هیچ هەوڵێکی جدییان نەداوە بۆ وەستانی ئەو تاوانکاریانە، بەمەش دەیانەوێت پیشانی دنیایی بدەن کە ئەوان هاتوون شارستانیەت لە ئاوا وڵاتێکدا دابین بکەن.

ئەوەی کە پرسیاری سەرەکیە ئەوەیە: ئەرێ سەددام و دارودەستەکەی چیان بەسەرهات و لە کوێ خۆیان شاردۆتەوە؟ تۆ بڵێی وەکو (بن لادن) پاش ماوەیەک تر دەستبکەن بە جاردانی جیهاد و ئەلجەزیرەش ببێتە بلندگۆیان؟

تێبینی: ئەو وێنەیەی سەرەوە لە ڕۆژنامەی ئافتونبلادیت وەرگیراوە.